Worker-communist Party of Iraq

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

Abroad Committee

کۆمیتەی دەرەوەی وولآت

الحزب الشيوعي العمالي العراقي

لجنة تنظيم الخارج

# ڕاگەیاندنی چالاکیەکانی ڕێکخراوی دەرەوە لە یەکی ئایاردا!

لە پێشوازی یەکی ئایار ڕۆژی جیهانی کرێکاران و بێبەشانی دنیادا، ڕێکخراوی دەرەوەی وولآتی حزب هەڵئەستێت بە ئەنجامدانی ئەم چالاکیانەی خوارەوە لە وولآتە جیاجیاکان:

## سوید:

### ستۆکهۆڵم

کۆمیتەی ستۆکۆڵهمی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عێراق ، لە گۆڕەپانی کونگستریگاردن لە ناوەندی شاری ستۆکهۆڵم بەشداری لە میتینگ و ئاکسیونی سەراسەری حیزب و رێکخراوە چەپ و کرێکاریەکانی سوید دەکات.

لەو میتینگە گەورەیەدا کۆمیتەی ستۆکهۆڵمی حیزب جگە لە بڵاوکردنەوەی بەیانی حیزب سەبارەت بە ڕۆژی یەکی ئایار ، هاوکات بە دانانی مێزکتاب بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکانی حزب و گفتوگۆکردن لەگەڵ ئامادەبوانی ئەو میتینگەو ڕۆشنکردنەوەی سیاسەتەکانی حیزب بەشداری دەکات.

### یۆتۆبۆری

کۆمیتەی یۆتۆبۆری حزب لەیەکی ئایاردا هەڵدەستێت بەم چالاکییانەی لای خوارەوە

1. دانانی مێزکتاب لەگەڵ شیعاری سەرەکی حزب بە لافیتەی گەورە وە بڵاوکردنەوەی بەیانی حزب بەزمانەکەنی ( سویدی، ئنگلیزی، کوردی و عربی) لەناوەندی شار لە یانتۆرییەت.
2. بەشداریکردن لەڕێپێوانی بەشێک لە حزب وڕێکخراوی کرێکاریی سویدی لە یانتۆرییەتەوە بۆ یۆتاپلاتسن کە شوێنێکی گەورەو ناسراوی ناوەڕاستی شاری یۆتۆبۆرییە بە لافیتەی حزب وبڵاوکردنەوەی بەیانی حزب تایبەت بە یەکی ئایار وپاشان لەوێ ووتەبێژی ڕەسمی بەناوی حزبەوە پەیامی یەکی ئایار بۆ ئامادەبوان دەخوینێتەوە...

## نەرویج:

www.wpiraq.net

wcpiaorg@yahoo.com

+4791114116

**ئۆسلۆ**

وەک نەریتێکی چینایەتی و خەباتکارانە هەموو ساڵێک ڕێکخراوە کرێکارییەکانی نەرویج پێش نیوەڕۆی یەکی ئایار لە بەردەم گۆڕەپانی ئێڵ. ئۆ (کۆنفیدراسیۆنی ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە نەرویج) کۆئەبنەوە و دواتر بە ڕێپێوان بەڕێ ئەکەون. هاوڕێیانی تەشکیلاتی ئۆسلۆ لە گۆڕەپانەکە مێزکتێبی حزب دائەنێن و دواتریش بە لافیتە و شیعاری حزبەوە لە ڕێپێوانەکەدا بەشداری ئەکەن کە کاتژمێر 12ی نیوەڕۆ دەست پێئەکات و بەیانی حزب بە زمانی جۆراوجۆر بڵاو ئەکەنەوە.

**فریدریکستاد**

وەک هەموو ساڵێک تەشکیلاتی ئەم شارە بە ناوی کۆمیتەی نەرویجی حزبەوە لەگەڵ ڕێکخراوە چەپەکاندا لە کۆمیتەی یەکی ئایاردا بەشدارن و لەو ڕۆژەشدا بە شیعار و لافیتەی حزبەوە بەشداری ڕێپێوانەکە ئەکەن و ووتەبێژی ڕەسمی حزب قسە و باس لەو ڕیپیوانەدا ئەکات. هاوکاتیش بەیانی حزب بە ناو ئامادەبووواندا بڵاوئەکرێتەوە.

**کریستیانساد**

هاوڕێیانی حزب لە مەراسیمی یەکی ئایاردا بەشداری ئەکەن و بەیاننامەکانی حزب بڵاو ئەکەنەوە.

**فینلاند:**

**هلسنکی**

1. دانانی خێمەیەک وە ڕازاندنەوەی بە لافیتە، لەو شوێنەی کە بۆ ئەم بۆنەیە ئامادە کراوە لە لایەن نەقابەو ئەحزابی فنلاندەوە ، وە دانانی مێز کتێب و بڵاو کردنەوەی بەیان نامەی حزب.
2. بەشداری لە مارشی یەکی ئایار بەلافیتەی حزبەوە. هەروەها ووتەبێژی حزب لەو بارەیەوە بە قسە و باس بەشداری ئەکات.
3. ڕۆژی 3.5.2008 مەراسیمیک لەشاری هلسنکی ساز ئەکرێت بەهاوکاری هاوڕێیانی هاوڕێیانی حزبی حکمتیست.

ئەدرەس و شوێنی مەرسیمەکە

شوێنی مەراسیمەکە. Pihlajamäen nuorisotalo

ئەدرەس. Moreenitie 2

بەروار. رۆژی شەمە 3.5.2008

کاتژمێر 14 بۆ 22

**لاهتی**

بەشداری لە مارشەکەدا بە لافیتەی تایبەتەوە بەناوی حزبەوە و بلآو کردنەوەی بەیان نامەی حزب. هەروەها ووتەبێژی حزب سیروان امین قسە و باس پێشکەش ئەکات.

**سویسرا:**

**زوریخ**

ڕێکخستنەکانی حزب لەسویسرا لەگەڵ دەیان لایەنی سویسری و کرێکاریی و پارتە چەپە سیاسیەکانی وولآتانی تر لە شاری زوریخ بەشداری چالاکیە جۆراوجۆرەکانی 5 رۆژەی ئایار دەکات. کۆمیتەی یەکی ئایار کە لەنزیک بە 70 لایەن پێکهاتووە، کۆمیتەی سویسرای حزب ئەندامی چالاکیەتی، هەڵدەستن بەسازدانی کۆمەڵێک چالاکی جۆراوجۆر لەوانە سمینار، کۆنسیرت، خۆپیشاندان، مێزکتێب، دانانی ریستورانتی سەفەری، گفتوگۆ لەگەڵ رابەرانی کرێکاری وکۆمۆنیستی. دەنگ و سیاساتی حزب بەشێوەیەکی فراوان بە بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی ئەگەیەنرێ و لەخۆپیشاندانی شکۆداری ئایاردا بەشداری زیندووانە ئەکرێت. مێزکتیبی ڕازاوە و دەوڵەمەند بە بلآوکراوەی جۆراوجۆری بزووتنەوەی کرێکاریی وکۆمۆنیستی لەعێراق بە زمانە جۆراجۆرەکان ئەخرێنە بەردەست.

**ستگالن**

www.wpiraq.net

wcpiaorg@yahoo.com

+4791114116

Worker-communist Party of Iraq | حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

Abroad Committee | کۆمیتەی دەرەوەی وولات

الحزب الشيوعي العمالي العراقي

لجنة تنظيم الخارج

له ڕۆژی 30.4 له شاری ستگالن خۆپیشاندانێک لەلایەن کۆمیتەی 1 ئایارەوە ساز دەکرێت و حزبیش ئەندامێکی چالاکی ئەو کۆمیتەیەیە و بەشداری ئەو خۆپیشاندانە ئەکات و بۆ هەمان مەبەست لەدوایی خۆپیشاندانەکە لە هۆڵی گرابن هالّی ئاهەنگێک لەلایەن کۆمیتەی 1 ئایارەوە سازدەکرێت.

**هۆڵەندا:**

بەم بۆنەوە هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و حیزبی حکمەتیست لە هۆڵەنداو لە شاری (بریدا Breda) مەراسیمێکی ڕێزنان لەم ڕۆژە شکۆمەندە سازدەکەن. بانگەوازی سەرجەم کرێکارانو ئازادیخوازانو کەسایەتی سیاسیو لایەنگری کرێکاران وە سەرجەم حیزبە سیاسییەکانو ڕێکراوەکان دەکەین لەم جەژن و مەراسیمەدا بەشداری بکەن. مەراسیمەکە ڕۆژی هەینی 2 ی ئایار کاتژمێر 6 ی ئێوارە دەست پێئەکات و تا 12 شەو درێژە ئەکێشێت. بلیتی بەشداربوون بۆ هەر کەسێک 5 یۆرۆ دەبێت. منالان هەتا تەمەنی 12 سالّ بە خۆڕایی بەشداردەبن. ئەدرەسی شوێنی هۆڵەکە: Tweeschaar 12 Breda

**کەنەدا:**

بۆ هاوپشتی جیهانی خەباتی کرێکاران و بۆ ڕێزگرتن لەم ڕۆژە پیرۆزە مەراسیمێک لە شاری تۆرۆنتۆی کەنەدا لەلایەن ڕێکخراوی کەنەدای هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و حزبی حکمەتیستەوە سازدەکرێت کە تێیدا بە ووتاری سیاسی و سروودی کرێکاری بەشداری دەکرێت. بانگەوازی کرێکاران و هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز و پێشکەوتووخواز دەکەین بەشداری ئەمرۆژە پیرۆزە بکەن. هاتن بۆ هەموانە... هەروەها خواردن لەم مەراسیمەدا بە ( خۆڕایی ) خزمەت دەکرێت. شوێن : Sunny Brook Park

Eglinton Ave. & Leslie St.

کات : ڕۆژی یەکشەمە 4ی ئایار 2008 کاتژمێر 2-6 ی ئێوارە

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنانەوە بکەن (416) 877-3577 ، (416) 322-7919

**ئوستراليا:**

www.wpiraq.net

wcpiaorg@yahoo.com

+4791114116

Worker-communist Party of Iraq حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

Abroad Committee کۆمیتەی دەرەوەی وولآت

الحزب الشيوعي العمالي العراقي

لجنة تنظيم الخارج

به بۆنەی یەکی ئایار، ڕۆژی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار، کۆمیتەی بەرپاکردنی مەراسیمی یەکی ئایار لە شاری سدنی_ئوستراليا، کە لە لایەن چەند هەڵسوڕاوێکی کرێکاری و کۆمۆنیستییەوە پێکهاتووە، هەڵدەستێت بە ساز کردنی مەراسیمێک بە پێی کات و شوێنی خوارەوە.

بانگەوازی هەموو لایەک دەکەین بۆ بەژداری کردن لەم مەراسیمەدا، وە هەروەها ئاگاداری هەموو حزب و ڕێکخراوەکان دەکەین دەتوانن بە ناردنی پەیامەکانیان بەژداری و هاوپشتی مەراسیمەکە بکەن.

**کات و شوێنی مەراسیمەکە:**

هەینی 2008/05/2

6.00 –10.00 شەو

لە هۆڵی ( Granville Youth and Community Centre )

لە سەر Memorial Dr

نرخی بلیت: 5 دۆلارە

نان خواردن:5 دۆلارە

بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بکەن بە

مونزەفەر: 0431242401

عیرفان: 0401566519

لەندەن:

لەژێر دروشمی "بەبێ کاری کرێکار، سەرمایەو سەرمایەداری و چینەکەی و دەوڵەتەکەی زیندوو نیین! بەبێ کاری کرێکار، سەرمایە ناتوانێت هیچ شەرێک هەڵگیرسێنێت و بۆردومانی هیچ خانوو و کۆڵان و شەقامێک بکات و فەقیری و

www.wpiraq.net

wcpiaorg@yahoo.com

+4791114116

Worker-communist Party of Iraq — حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

Abroad Committee — کۆمیتەی دەرەوەی وڵات

الحزب الشيوعي العمالي العراقي

لجنة تنظيم الخارج

لەشفرۆشی و ماڵ وێرانی و برسێتی بەسەر هیچ خێزانێکی کرێکاریدا داسەپێنێت. سەرمایەو دۆزەخەکەی بەکاری کرێکار و کویلایەتیەکەیەوە زیندووە، سەرمایەداری بۆ بەدەستهێنانی سەروەت پێویستی بەکوێلایەتی کریکار هەیە. یەکی ئایار دەبێ ئەم هوشیاریە چینایەتیە بگەرێنێتەوە بۆ چینی کرێکار" دا بە هاوبەشی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و حزبی حکمەتیست ئەم بەرنامانەمان ئەبێت:

1. بەشداری لەخۆپێشاندانی یەکی ئایار کە لەلایەن ئیتحادیەی ( تی یو سی ) یەوە لە لەندەن بەرێخراوە بۆ ڕێزگرتن لەرۆژی یەکی ئایار پێنج شەممە. شوێن: لەبەرامبەر کتێبخانەی مارکس Marx Memorial Library, Clerkenwell Green, London EC1

Nearest tube station: Farringdon، کات: کاتژمێری کۆبونەوە 12 وە کاتژمێر1ی پاش نیوەڕۆ ڕێپێوان بەرەو ناوەندی لەندەن تراڤڵگار سکوێر دەستپێدەکات.

2. ئاهەنگ کات: ڕۆژی شەممە 3 ی ئایار لە لەندەن، 7 تا 12 ی شەو

شوێن: 187 Pentonville Road, London WC1X

Nearest Tube: King's Cross, Bus: 30, 73, 205, and 214

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارە تەلەفونانەوە:

ئاسۆ گۆران: 07895636633 نوری بەشیر: 07960669896 : فواد عبدالهی: 07882891917 و فریبرز سلتانی: 07894547566

**ڕێکخراوی دەرەوەی وڵاتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

**کۆتایی ئەپریلی 2008**

www.wpiraq.net

wcpiaorg@yahoo.com

+4791114116